# بوون و مردن دوو چەمکی دژ لە نێوان فەلسەفەی ئایدیالیزم و ماتریالیزمدا

سمکۆ محەمەد

(٢ - ٣)

**مردن ڕوویەکی دیکەی بوون:**

**من مردن نیم..**

تائێستا کە لە پاژەکانی پێشوو قسەمان لەسەر پرسیارە فەلسەفییەکانی مردن کرد، وەک پرسێک کە مردن ڕوویەکی دیکەی بوونە، چونکە تەواوکەری پنتی سەرەتای ژیانە، خۆ ئەگەر پرسیارەکەش ئاراستەی بوون بکەین، دەبێ لەوێوە دەست پێ بکەین و بڵێین ئایا خودا چ پێویستی بەو ئەزموونە جیاوازانە هەیە کە ئینسان لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەک و مێژووی دوورودرێژ دەبڕێ بۆ دروستکردنی ژیانێکی ئاسوودە لەم سەر زەمینە؟ یان لەو دنیایەی کە دادوەری تێیدا دەکرێ، پرسیارە فەلسەفییەکەی عومەری خەیام بۆ یەکەم جار کردوویەتی کە بە شیعر دەڵێ "بۆچی هاتین و بۆچی ژێر گڵمان دەکات و دەمانباتەوە؟» هیچ وەڵامێکی قەناعەت پێکراومان چنگ ناکەوێ، ئەدی دەبێ چ فەلسەفەیەک لەپشت ئەم فەلسەفەی مەرگ و ژیانەوە هەبێت کە هەر فەیلەسووفێک مانا و پێناسەی جیاوازیان پێداوە، بۆچی دەبێ ئەو بۆشاییەی نێوان ژیان و مردن هێندە فراوان بێت بۆ قسە لەسەر کردن، هێندەش ئاسان بێت کە ژیان باسی دەکات.

"ژیان بۆیە بەردەوامە، چونکە مەرگ لەبەردەم هەموو کەسێکە" ئەمە گوتەی گلگامشە وەختێک دەیەوێ لەچنگی مەرگ ڕابکات، ئەو لەو داستانەدا کە نووسراوەتەوە و بەگرینگترین و کۆنترین داستانی مێژوویی ناسراوە، بۆ گیایەک دەگەڕێ بۆ جاویدانی، ئەو هەمیشە سەرسەختترین کەسە بۆ خۆشییەکانی ژیان، بەڵام کە دێتە سەر باسی مەرگ، ئیدی ماتەم دەیگرێت، چونکە ئەندێشەی مەرگ ترسهێنەرترە لەو ژیانەی کە ئەو هەوڵی بۆ دەدا بمێنێت، گلگامش یەکەمین حیکایەتی



ئەلبێر کامو

هەڵوێست وەرگرتنی ئینسانە لە بەرانبەر مەرگ، گلگامش کەسێتییەک نیوە خودا و نیوە مرۆڤە، بۆیە هەستەکەی بۆ مەرگ لە بنچینەدا هەستکردنێکی تەواو مرۆڤانە نییە، ئەو لەو حیکایەتە ئەفسانەییەدا کە تارادەیەک لەباری فەلسەفی بۆ ژیان و مەرگ، بۆ مەرگی خۆی ناگەڕێ، بەڵکو پەشۆکاوی مەرگی (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێیەتی، ڕەنگە نەمری بۆ گلگامش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەو پاشای ئوروک بووە و لەوپەڕی خۆشی ژیان و ئارامیدا ژیاوە، وەختێک ئەندێشەی مەرگ بەخەیاڵیدا دێت، ئیدی بەرەو جاویدانی بۆ مرۆڤەکان ڕێگە دەگرێت، چونکە تۆقێنەرترین هەواڵە بۆ ئینسان و کۆتایی هێنانیشە بەژیان.

ئەفسانەی گلگامش باسی گەڕانی مرۆڤ دەکات بەدوای ژیانی هەمیشەییدا، کاتێک خودا بنیادەمی دروست کرد، مردنی کرد بە بەشی مرۆڤ و ژیانیشی بۆ خۆی هێشتەوە، لەو ڕۆژەوەی گلگامش ئەم حەقیقەتە دەزانێ و کاتێک مەرگی ئەنکیدۆی هاوڕێی غەمگینی دەکات، ئیدی بۆ یەکەم جار بیر لە مردن دەکاتەوە، باسی ئەوە دەکات ئایا ڕێی تێدەچێ ئەویش وەک ئەنکیدۆ بمرێ؟. ئایا جەستەی دەبێتە خۆڵەمێش و تێکەڵ بەخاک دەبێ؟.

بۆیە گلگامش دەڵێ:

**"ئەنکیدۆی هاوڕێ و ئەزیزم کە تا ئەو پەڕی ڕادە،**
**خۆشم دەویست**
**وەک ئەو کۆی مرۆڤەکانی دیکە کۆتایی پێهات**
**ئاه.. مەرگ بینەقاقای گرتووم"**

وەک ئەو ئازار دەچێژم و هەرگیزاوهەرگیز بەرەنگاریم پێناکرێ، بەمەش گلگامش بەردەوام هەر کەسێکی ببینیبا پرسیاری نهێنییەکانی مردنی لێ دەکرد، سەرەنجام پیرەمێردێک چیرۆکی (ئۆتناپشتم)ی بۆ دەگێڕێتەوە کە پاش ڕزگاربوونی لە تۆفان و لافاو لە کەنار دەریایەک دەژی، ئیدی گلگامش تەواوی چیا و چۆڵی تەی دەکات، تا گەیشت بە ڕووبارێکی بێ ئامان کە سەرانسەری دنیای داپۆشیبوو، ئیدی دوای ئەمە گلگامش بەسەرهاتی خۆی بۆ (سیدۆ) دەگێڕێتەوە، ئەویش حەقیقەتی مردنی بیر دەهێنێتەوە و پێی دەڵێ:

**"گلگامش بۆ کوێ دەڕۆی**
**هەرگیز ئەو ژیانە نادۆزیتەوە کە وێڵی بەدوایدا**
**وەختێک خودا مرۆڤی ئافراند**
**مردنی کرد بە بەشی و ژیانی لە چنگی خۆیدا هێشتەوە**

**ڕۆژ و شەوی خۆت ئاسوودە بکە**
**هەر ڕۆژێک بکە بە جەژن و شەو و ڕۆژ سەما بکە".**(١)

مردن لەشوێنێکدا کەشوهەوای خۆی هەیە، بەو پێیەی کە جۆرەکانی مردنی ویست و نائیرادەیی جیاوازییان هەیە، ڕەنگە لەنێو ئەدەبدا وەک سیزیف کە ئەفسانەیەکە لەئەنجامی سزایەک بەسەریدا، لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە سەرکەوتن بە بەردێکەوە بەسەر شانییەوە و ئێوارە گلۆری دەکاتەوە تا خوارەوەی شاخەکە و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە وەک سزایەک بەسەریدا سەپێنرابێت، بەم کارە بێهوودەیەی کە سوودی نییە و هەمیشە دووبارەبوونەوەی کردارێکە بەیەک ستایل و یەک مانا، هیچی چنگ ناکەوێ، جگە لەوەرگرتنی سزاکەی، بۆیە دوای گەڕانەوەی جارێکی تر دەیەوێ ژیان پێناسە بکاتەوە بەو شێوەیەی کە مانای نییە، بەڵام هەوڵی ئینسان وەک ویستێک بەهەر کلۆجێک بێت دەستبەرداری نابێت، ئەم حاڵەتە لە (دۆنکیشۆت)دا جیاوازی هەیە، "بێ گومان مەرگی دۆنکیشۆت لە کەشوهەوایەکی ئارامدا بوو، چونکە لە دواجاردا پەیوەستی عەقڵ و حەقیقەت بۆتەوە، لەپڕ ئەو سوارچاکە پەی بەشێتی خۆی برد و وەک گەمژەیەک خۆی هاتە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا ئایا ئەو

حیکمەتە لەناکاوەی شێتییەکەی شتێکی دیکە نەبوو، جگە لە شێتییەکی نوێ کە سەرلەنوێ لە عەقڵێدا سەری هەڵدایەوە؟ ئەوە تەمومژێکی بێ سنوور بوو کە دواجار بەمەرگی ئەو کۆتایی هات، شتێکی لەناوچوو مانای مەرگێکی نزیکە. ئەمە ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بەوەی نەخۆش بە ئاسانی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ". (٢)

ئەم جۆرە مەرگەی کە لەنێو تێکستدا هەیە و فووکۆ شیکردنەوەی بۆ دەکات و بەهۆی نەخۆشییەوە دێتە پێشێ و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ و چاک دەبێتەوە، تەنیا لەنێو تێکستی فەلسەفی و داهێنانی ئەدەبی جێگەی دەبێتەوە، بەڵام دۆنکیشۆت نموونەیەکی بەهادارە کە تراژیدیای نێو واقیع وەک خەیاڵێک بۆ ڕزگاربوون لەو جیهانەی بووەتە واقیع بەسەر کەللەسەری ئینسانەوە، دەگوازێتەوە بۆ وەهمی مەرگێک کە هێشتا ئینسان بەمانا کردەییەکەی نەمردووە، بۆیە بۆ ڕزگاربوون لە مردن دەبێت سەرکێشی بکات، ئەگەر بەخەیاڵیش بێت، لێرەدا قوربانی جارێکی دیکە، جگە لەجەستەی تاوانباریش دەکرێ بەوەی کە درۆی بەحەقیقەت و مەرگەوە کردووە، لەکاتێکدا فەلسەفە ئەو جێگەیەی بۆ ئەو شێوازی مردنە کردووەتەوە کە بەفەزای وەهمیدا تێپەڕ نەبێت و ببێتە حەقیقەت و وەک سزایەک تەماشا بکرێت، کاری نهێنی حەقیقەت دەشارێتەوە، بەڵام مردن لەنێو فەلسەفەشدا ناشاردرێتەوە.

ئەگەرچی لەباری تێکستەوە خوێندنەوە بۆ ئەو تێکستەی سێرڤانتس کراوە و بە شاکارێک لەقەڵەم دراوە و بۆخۆشی نەیزانیوە دوای مردنی دەبێتە ئەو تێکستە بەناوبانگە، بەڵام تێکستەکە جگە لەبارەی ئەدەبییەوە، بۆ مەرامی لێکدانەوەی سیاسیش کاری پێکراوە، گوایە کەسێک کە لە توانایی هێزی سیاسی و بنکەی کۆمەڵایەتی حزبەکەی زیاتری هەوڵدابێت، ئیدی ئەوە بەلێکدانەوەیەکی ویلهێم ڕایشانە کە سەر بەڕەوتی چەپی فرۆیدە لەباری سایکۆلۆژییەوە، بە کارێکی شێتانە و بێهوودەیی ناسراوە و کەسەکە بە دۆنکیشۆت پێناسە دەکرێت.

## مەرگی فەیلەسووفەکان

ڕەنگە مردن بەهەموو جۆرەکانییەوە، جێهێشتنی ژیان بێت و هیچی تر، بەڵام فەیلەسووفەکان جۆرێک مردنی دیکەیان هەڵبژاردووە، هەروەک ئەوەی چیرۆکی سوکرات و گالیلۆ و سەدان نموونەی دیکە دەیسەلمێنن، " ئەفلاتون لەدیالۆگی (فایدۆن)دا گرینگییەکی تایبەت بەمەسەلەی مەرگ و نەمری دەدات، دەروون بۆیە نەمرە، چونکە بە ئایدیا نەمرەکان هۆشیارە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئایدیا نەمرەکان بەر لەدایکبوون بوونیان هەیە، ئەوە مانای ئەوەیە لەپاش مردنیش بوونیان هەیە، ئا لێرەدا دەردەکەوێ ئەفلاتون لەژێر کاریگەری بیرۆکەی (دۆنایدۆن)دا بووە، لەبەر ئەوەی دەروون سادە و ناپێکهاتووە، کەوایە نەمرە، چونکە ئەوەی سادەبێت، نە دەمرێ و نە لەنێو دەچێت"(٣)

بۆیە جیهانی ئایدیای ئەفلاتونی نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، بەڵکو لەسەردەستی ئەرستۆی قوتابی خۆی لەنێو برا کە بە دوو پێی چەقیوەوە لەسەر زەمینی واقیع ڕاوەستا، ئەوەش وای لێکرد لە جیهانی سروشتی و لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە بەهرەی سروشتی مرۆڤەوە بەدوای پرسیارەکەیەوە بێت سەبارەت بە مردن. نەک لە ڕێگەی پەنابردن بۆ جهانێکی نەبینراو.

(سیمۆن کریستلی) نووسەرێکی ئینگلیزە و لەکتێبەکەیدا بەناوونیشانی (كتاب الفلاسفة الراحلين) باسی ئەوە دەکات مردنی فەیلەسووف هەواڵێکی تر و میتودێکی ترە بۆ ئەوانی تر کە لەژیاندا ماون، چونکە کاری فەیلەسووف ئەوەیە کە قسەکانی لەژیانی خەڵکدا ڕەنگ بداتەوە، بەو پێیەی کە ئەو لەپێناو ئەو فیکرەیەدا ژیا و بەرگری لەخۆی دەکرد، سیمۆن لەو کتێبەدا شیشرۆنی فەیلەسووفی یاسایی یۆنانی بەنموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ" ئەگەر بیزانیبا چۆن دەمرێت، (مەبەست لە شیشرۆنە) فەلسەفەی بۆ خەڵک لێ نەدەدا، ئەمە جگە لەوەی کەماهییەتی مردنی بۆ ئاشکرا نەبوو تاکو مرد، بەڵام باسی ئەوەی کردووە کە فەلسەفە دەتوانێ ئینسان تێبگەیەنێ فەلسەفەی مردن چییە و لەمەرگی خۆی نەترسێ". (٤) یەکێک لە فەیلەسووفەکانی یۆنان بەناوی دیۆجین هەتا ئەوکاتەی مرد جلێکی جوانی لەبەر نەبوو، بەپێ خاوسی بەناو باژێڕی ئەسینا دەڕۆیشت و کەمترین چێژی لەنان خواردن دەبینی، بەرلەوەی بمرێ، نانی نەخوارد و بەبرسێتییەوە مرد، بەپێچەوانەوەی ئەو فەیلەسووفەوە، (جۆلیا ئوفری لامیتری) یەکێک لەپێشەنگەکانی قوتابخانەی ماتریالیزم و فەلسەفەی ڕۆشنگەری بوو لە فەڕەنسا، زۆرترین خواردنی دەخوارد و

گرینگی بەخۆی دەدا و لەمردن دەترسا، هەڵبەت بەر لەمردنەکەی زۆرترین خواردنی خواردبوو کە خواردنەکە پڕبووە لەچەوری و شیرینی و... تاد. هەڵبەت کەسێکی دیکەی وەک (فرانسیس بیکۆن) کە خاوەنی میتودی ئەزموونگەری بوو لە ڕۆژئاوا، ئەگەرچی بەخواردنی خراپ و سارد تووشی بەدخۆراکی بوو و سییەکانی دووچاری هەوکردن بوون، بەڵام لەپەنا ئەو خواردنە خراپانەشدا، لەپێناو بیرکردنەوە لە فەلسەفە گیانی لەدەست دا، (فریدیریک هیگڵ)یش کە یەکێک لەو فەیلەسووفانەیە کە خاوەنی تیوری دیالیکتیکە و ناسراوترین فەیلەسووفی ئەڵمانیایە، مردنەکەی دژکاری لەگەڵ بۆچوونەکانی هەبوو و نەخۆشی کۆلێرا کوشتی، لەحاڵێکدا دەیتوانی لەبری ئەوەی سەرقاڵی فەلسەفە بێت، خۆی لەو نەخۆشییە بپارێزێ تاکو نەیکوژێ، بەڵام بەپێچەوانەوە نەیکرد" بەڵام (فیساگۆرس) زانای فیزیایی کە خاوەنی بنەچەیەکی فیزیاییە، بەپێچەوانەی هەموویان وا بیری کردووەتەوە لەمردن و پێی وابوو یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ترسی مردن خۆی لەبیرکردنەوەی ئینسان کەم دەکاتەوە، چونکە هەمیشە شاهێدی مردنی ئەوانیترە لە بەرچاوی، بۆیە چاک دەیزانی دەمرێ و ترسی لە مردن نەمابوو". (٥)

بەم شێوەیە مردن لەدوای ئەو ترسەوە کە لەبیری ئینسان دەڕەوێتەوە، وەک دیاردەیەکی کەونی دەمێنێتەوە و چیتر ئینسان لەئێرە لەسەر زەمین، بیر لە مانەوەی تاهەتایی ناکاتەوە، تەنیا لە ڕێگەی مێژوونووسینەوە، یان ئەدەبیات، یان دیاریکردنی جێدەست لەمەسەلەی زانست و هەر داهێنانێکی تر، ئەویش تا ئەو جێگەیە دەڕوات کە ئینسان بەنموونە باس لەو نەمرانە دەکات کە سوودیان بەبەشەریەت گەیاندووە، ئەوانی دیکە بەشێوەیەک لەشێوەکان مردوون، چونکە باسکردنیان لەجوغزێکی بچووک و ناوەندێکی کۆمەڵایەتی بچووک کە خانەوادە و بنەماڵەیە، ئەوان بەمردوو حیساب دەکرێن، بۆیە لێرەدا مردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و قبووڵکردن و مەترسییەکانی لەهەمبەر بوارێکدا تەماشا بکرێ، تەنیا وەک ڕۆتینیات دەمێنێتەوە کە دەڵێین هەموومان هەر دەمرین، بەڵام پرسیارە بنچینەیی و بنەڕەتییەکە هەر دەمێنێتەوە کە مادام مردن هەیە، ئیدی بۆچی ئەم کەونە هەیە و ستراتیژەکە چییە؟. لەلایەکی ترەوە ئینسان بۆخۆی بە ماتریالیست و ئیدیالیستەوە دڵخۆشە بەوەی کە مردن هەیە، چونکە ئەگەر مردن نەبوایە، چارەنووسی ژیان نە بەو شێوەیە دەبوو کە ئێستا هەیە، نەهیچ ئامانجێکی دیکە دەبوو.

مەرگی فەیلەسووفەکان جگە لەوانەی کە بەمردنی خۆیان، واتە بەبێ کێشە مردوون، بریتییە لە دوو حاڵەت، حاڵەتی یەکەم ئەوانەن کە لەلایەن دەسەڵاتی ئایین و کڵێسا و پەرستگاکان و دەسەڵاتی پاشا و دەرەبەگەکان سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنراوە، چونکە دەستکاری دیاردە سروشتییەکانیان کردووە و لە ڕێگەی فەلسەفەوە، یان لە ڕێگەی زانستەوە نهێنی دنیایان بەخەڵک ئاشنا کردووە کە ئەمە لەدژی دەسەڵاتەکان بووە، بۆیە لە ڕێگەی دادگاکانیانەوە، یان لە ڕێگەی پڕکردنی خەڵکەوە بەقین کوژراون، یان بەهێمنی لە داخان مردوون، حاڵەتی دووەم ئەوەیە لەداخی دواکەوتوویی خەڵک و دەسەڵاتە ئایینییەکان تووشی نەخۆشی بوون و لەخەمی خەڵکدا مردوون، یان خۆیان کوشتووە، هەردوو حاڵەتەکە بەمردنی ئاسایی ناژمێردرێن، چونکە ئەوان بۆ خۆیان نەژیاون تاکو بۆ خۆیان بمرن، بەڵکو لەپێناو خەڵکدا ژیان و بەدەستی خەڵکیش مردن.

## مردن لەناو چەمکی داهێناندا

ئەگەرچی داهێنان لەبارە فەلسەفییەکەیەوە وەک (جیل دۆلۆز) پێی وایە مانای بەرهەمهێنانی چەمکە و مەبەست لەو چەمکە نوێیە کە دابڕان لەگەڵ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان دروست بکات، ئەمەش مەحاڵە مەگەر لەدایکبوونی جۆرێکی تری فەلسەفە بێت کە لە ئەڵمانیا هاتە ئاراوە، ئەویش ناوی لێنرا لانکی دووەمی فەلسەفە و نموونە لەدایکبوونی (کانت و هیگڵ و مارکس و فیورباخ و هایدگەر و... تاد)، هەروەک چۆن لەسەردەمی یۆنان، پاشان لەسەردەستی (تۆماس هۆبز و ژان ژاک ڕۆسۆ و کیرکەگۆرد) بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی و بوونگەرایی و... تاد نموونەیەکی تری بەئینسانییەت بەخشی، دواتریش لە ئەڵمانیا کە لانکی فەلسەفەی دووەمە و داهێنان بەشێکە لەو تێفکرینە ئایدیالیستیانەی کە بەپاڵپشتی فەلسەفەی ماتریالیستی بوون، ئینسان بۆ مانەوە لەزەینی ئەوانی تردا بەکاری دەهێنێ، واتە زیندوو بوون بەو کەرەستە و جێدەست و بەرهەمانەی لە ڕێگەی ئەدەب، یان فەلسەفە، یان فیزیا، یان هەر شتێک بێت، جۆرێک خۆ ڕازیکردنە لە بەرانبەر

ئەو تێڕوانینەی کە کەسی داهێنەر لەزەینی کۆمەڵگەوە بەنەمر دەژمێردرێت. چونکە هەمیشە ناوی دێت،

هەموو ئەو فەیلەسووفانە لەپێناو ژیان و پێناسەیەکی نوێ بۆ مردن لەنێو تێکست و نەمری و ئەخلاقیاتێک بۆ مردن گەنگەشەیان لەسەر ئەگەرەکانی ژیان کرد و هەموو هەوڵەکانیان بۆ لەناوبردنی مردنی بەئەنقەست بوو بەدەستی نەیارەکانی دژی بوون.

ناو توانایییەکی نادیارە بۆ ئینسانگەلێک لەدوای کەسی ناودار کە مردووە، هەروەها هێزێکە بۆ مانەوەی ئەوانی دی کە لە ڕێگەی داهێنانی مردووەکەوە کەڵک لەداهێنان وەردەگرن، دواجار ئەمە جگە لەچەمکێکی فیکری لەنێو دنیای ئەدەب و دنیای وەرزش و هونەر و... تاد، دەبێتە بەها و شانازییەکی کۆمەڵایەتی لەژیانی هەر یەکێک لەئەندامانی کەسی داهێنەری مردوو.

ئیرادەی مەرگ تەنیا لەو توانایییە سایکۆلۆژییەدا دەرناکەوێت بۆ وێرانکردنی (خود)، یان (بەرانبەر)، بەڵکو لەو ساتەدا ئاشکرا دەگەشێتەوە کە مەرگ چەمکێکی شاعیرانە وەردەگرێت و دەبێتە ئەو کردارە بەرزەی کە زیندووەکان هەرچییەک بکەن، ناگەنە ئاستی، واتە مەرگ دەبێتە بەهایەکی باڵاتر لە بەهای هەر داهێنانێک، ڕاستییەکەی سەیرکردنی مەرگیش وەک داهێنان و تاکە داهێنانی خەسڵەتی زیندەگی سیاسی ئێمە بووە، سەیرکردنی مەرگیش وەک داهێنان، وەک وزە و کانگایەکی ڕوحی کارێکی کردووە لە شێوەنەکانی کەربەلا تا سەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس باغێکی ڕازاوەی پڕ لە وێنەی شاعیریانەی مەرگمان لەبەر دەست بێت". (٦)، بۆیە لەدوای شاعیرانی کلاسیک کە هەمیشە وەک پرسیاری ڕوحی و ئایدیایەک بۆ چارەسەری بوون داهێنانیان لەنێو چەمکی مردن کردووە، ئیدی لەدوای (گۆران)ی شاعیرەوە ئەم دیدگایە بۆ شیعر و داهێنان لەنێو ئەدەب، لەئەدەبەوە دەگوازرێتەوە بۆ دیدگایەک لە نووسین لەپێناو خودی مەرگێک کە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە، نەک ئەو مەرگەی کە گوتاری مانەوە لەنێو تێکستدا بەزیندوویی ڕادەگرێت و لە ژیانی واقیعی ئێمەدا دژایەتی تێگەیشتنی مەرگدۆستی دەکات، ڕەنگە ئەمە تەنیا ئەو کاتە هەستی پێ بکەین کە لەدوای کارەساتێکی وەک ئەنفال، یان هەڵەبجە، یان کۆڕەو، یان شەنگال و... تاد تەوزیف کرابێت، بۆ ئەرمەنییەکان و هەموو ستەم لێکراوەکانیش لە دنیادا چ لەنێو مێژوو و چ لەدەرەوەی مێژوو، هەر هەمان مانای هەیە، ئەگەرنا لەتێکستی کوردیدا کەم باس لەو مردنە کراوە، وەک ڕووداوێکی حەتمی بۆ هەرکەسێک و بۆ هەر کۆمەڵگەیەک کە پرسێکی بێ وەڵام و فەلسەفەیەکی پڕ نهێنییە، پرسیاری سیاسیشە کە لە داهاتوودا وەڵامی مەرگە بەکۆمەڵەکانی کورد دەدرێتەوە کە بەشێکی بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیا بوو.

ئەدەب جگە لەداهێناکەی کە بریتییە لە فەزای بیرکردنەوەی دەقنووس وەک خاڵێکی تێکست و وەک دیوێکی دیکەی واقیع، لەهەمان کاتدا جۆرە بیرکردنەوەیەک بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێ کە بەر لەخوێندنەوەی، یان تێکەڵبوون لەگەڵ فەزای تێکستەکە، بیری لەو دڵخوازییە نەکردووەتەوە هەم بۆ مەرگی پاڵەوانەکە، هەم بۆ مەرگی خۆی کە جاری وا هەیە خوێنەر دەبێتە جێگرەوەی پاڵەوان، چونکە ڕووداوەکان هێندە دڵڕەقن، خوێنەر خۆی پێڕاناگیرێت و داخوازە لە دەقنووس زوو بمرێ، چیتر بەدیار پاڵەوانێکەوە خەم نەخوات کە دووچاری کێشە واقیعییەکان بووە، ئەم فەزایە لە دەقی (دادگایی) فرانتس کافکا هەستی پێدەکرێ، "ڕاستییەکەی بۆ کەسایەتییەکانی کافکا، دوا چارەسەری تەنگژە مەرگە، واتە تەنگژە زۆرجار بە مەرگ کۆتایی دێت و مرۆڤی لەتەنگژە کەوتوو جگە لەمەرگ چارەیەکی بۆ دەربازبوون نییە، هەر بۆیەش بێ تەقەللا و هەوڵدانێکی ئەوتۆ خۆی دەسپێرێتە دەستی جەللاد و مەرگ، کافکا خۆی دەڵێ مەرگخوازی یەکەمین نیشانەی دەستپێکردنی مەعریفەیە" (٧)، کافکا لێرە لەتێکستی دادگاییدا داهێنانەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەکەی لەوەدا کۆکردووەتەوە، چۆن ئەندێشە و بیرکردنەوە لە شتێک دەبێتە تاوان و چۆن یاسا لەبری ئەوەی کاری پاراستنی ئەمنیەتی ئینسان بێت، کەچی دەبێتە هۆی ئەوەی ساتی مەرگ لەپێناو واقیعدا، ساتی لەدایکبوونی ئازادییە لەو تەنگژانەی کە تووشی ئینسان دەبن، ئەوە ڕستەی نێو تێکستەکەیە کە دەڵێ " دەبێ بمرێت تاکو شەرم بمێنێتەوە". ئەم شەرمە خۆی هەڵگر و داهێنەری تەنگژەیە هەمیشە ڕەنگدانەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، وەختێک دەبینین دادگای نادادپەروەر ئەگەر بەهەڵە مامەڵە بکات، یان بەئەنقەست، بەشێکە لەو خۆ ئەشکەنجەدانەی کە ئەمنیەتی ئینسان لەدەستی خۆی ناهێڵێت و تاکە

ئەگەرێک دەهێڵێتەوە ئەویش خۆکوشتنە لە ڕقی کوشتنی سایکۆلۆژی دادگایی.

لە ڕۆمانی (وەرگێڕی عیشق) ڕۆماننووس (جان دۆست) ئەو ڕستەیە سەرنجڕاکێشترین ڕستەبوو کە لە ڕۆمانەکەیدا خوێندمەوە، وەختێک پلاک بێرل بە قەشە پۆڵس دەڵێ " مەرگ تەڵەیەکی نەبینراوە و بنیادەم بۆ هەر شوێنێک بڕوات وەک ملوانکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، مەرگ تەڵەیەکی وایە تەمەن بۆ بنیادەمی دەنێتەوە، تەڵەیەک بنیادەم هەموو تەمەنی هەڵیگرتووە و نازانێ کەی بە ڕوحیدا دەتەقێتەوە". (٨) ئەم تەڵەیەی کە جان دۆست لەتێکستەکەیدا تەوزیفی کردووە، وەک داهێنانێک لە وەسفکردنی مەرگ بۆ تەمەن، لەژیانی ئاساییدا هەیە و بیرکردنەوەی گەرەک نییە، چونکە مردن حەتمییەتی تەمەنی ئینسانە و لەتەڵە دەچێت، بەڵام جوانی کارەکە و ئەم تەوزیفکردنەی لەوێدایە کە لەچەشنی تەڵەیەک بۆ ئینسان وێنای کردووە، هەروەک چۆن ڕاوچییەک بۆ نێچیر تەڵە دەنێتەوە و ئەمڕۆ نا سبەی هەر پێوە دەبێت، یان مەرگدۆستەکان تەڵەیەک بۆ ئینسانێکی ژیاندۆست دەنێنەوە، کە ئینسان وەک نێچیرێکە لەبەردەم ڕاوچییەکان، کە خۆیان ئینسانن، مردنیش ئاوهایە تەنیا ڕووداوێکی دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار، ئەم جۆرە داهێنانە تەنیا لە زماندا ماهییەتی هەیە، چونکە بیرکردنەوەکە شتێکی سادەیە، بۆیە لێرەدا زمان و شێوەی بەکارهێنانی زمان بۆ داهێنان فریای تێکست دەکەوێ، بیرکردنەوە بنەمای داهێنانە بۆ کەسی ئەندێشەمەند، بەڵام وەک پێشتر باسمان کرد، بەبڕوای (جیل دۆلۆز) کە لەکتێبی (ماهي الفلسفة) پێی وایە کە جگە لەبەرهەمهێنانی چەمک، گەڕانە بەدوای مانایەکی دیکە بۆ دیاردە و شتە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکی زۆریان بەنهێنی ماونەتەوە، بەو مانایەی کە دەبێ کەسی داهێنەر (چەمک) دابهێنێت بۆ خوێندنەوەی ئەرگومێنتەکانی ژیان، هەروەک چۆن بیرمەندانی ئەم دواییە و فەیلەسووفانی یۆنان بەرهەمیان هێناوە، ئەگەرنا جگە لەدووبارە کردنەوە و نوێکردنەوەی شتەکانی ڕابوردوو شتێکی نوێی نەخوڵقاندووە، ئەو ڕاستییەک لەقسەکانیدا هەیە، چونکە وەک سلێمان پێغەمبەر کە لە تێکستی تەورات دەڵێ "شتێکی نوێ نەماوە لەژێر ئەم ئاسمانەدا نەگوترابێت"، بۆیە کەسێک کە ئیدیعای داهێنان دەکات، دەبێ چەمکێک بەرهەم بهێنێ کە تا ئەوکاتە نەبیسترابێت و بیخوڵقێنێت، یان مانایەکی نوێ بۆ کایەکانی ژیان بخوڵقێنێ، هەموو ئەو قسانەی کە بیستراون، یان پێشتر گوتراون، یان دووبارە جوینەوەی فەلسەفەیە لە ڕووی چەمک و پێناسە و تێگەیشتن و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دنیاوە، بەڵام لەدەرەوەی بیرکردنەوەکەی جیل دۆلۆز کە بۆ تێگەیشتنە لەفەلسەفە، ئەوەیە کافکا و سیرڤانتس و کامو و نموونەکانی وەک ئەو، لەنێو ئەدەبدا فەزایەکیان خوڵقاندووە و کردوویانە بەتێکست کە خوێنەر لەواقیعیشدا دەیبینێ و هەستی پێناکات، بۆ نموونە لە بێهوودەییەکانی کافکا و ستایلی نووسینی ئەو نووسەرە بەناوبانگە، خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو ئەندێشەیە لەداهێناندا تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕاکردنە لەو واقیعە تاڵەی ژیان، لە بەرانبەریشدا خۆ سپاردنە بە مەرگ، هەروەها لە (الموت السعيد) ی ئەلبێر کامودا کە ئەو چێژی سێکسی کردووە بە ساتی بەختەوەری بۆ مەرگ و مانایەکی دیکەی بەژیانێک بەخشیوە کە دەتوانرێ لە چرکەساتی چێژ وەرگرتن لەو ژیانەی بچووک بکرێتەوە کە هەم ژیانێکی وەهمییە لەنزیک مردنەوە، هەم مردنێک کە ژیان لە واقیع دووری دەخاتەوە و لەحەزەکانی ژیان ئەوە دەسەلمێنن، وەک سوهراب سوپێهری شاعیری فارس لەدێڕە شعرێکدا دەڵێ "ژیان شووشتنی قاپێکە" ئاوهایە کە لەهەر لەحزەیەکدا ژیان مانای خۆشی خۆی هەیە، چونکە دوور نییە لەدوای ئەو لەحزەیە مەرگ خۆی مەڵاسدابێت بەهەر بیانوویەک بێت زەفەر بهێنێت و ڕوح دەربچێت و مردن بێت، بۆیە لەلای کامو ئەو بێهوودەییە هەست پێدەکرێت و لە ڕۆمانی (تاعون)یش بەهەمان شێوەیە کە نەخۆشییەکی سەرتاسەری دووچاری کۆمەڵگە بووە، هیچ چارەسەرێکی دیکەشی نییە جگە لەمەرگ کە لەو سەردەمەدا سەرتاسەری ڕۆژئاوا و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتیشی گرتووەتەوە، ئەو مانای ژیان و مردنە لە تێکستەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)شدا باسی ئەو بەهایانە دەکات کە لەئەنجامی مەرگدا بێ بەها دەبن و ئینسان خۆی بەشێکە لەو بێ بەهاکردنەی شتەکان، بۆ نموونە دەڵێ "کاتێک مرۆڤ خودا دەخاتە ژێر داوەری ئەخلاقییەوە، بەو کارە لەناخی خۆیدا خودا دەکوژێت، بەڵام ئاخۆ هەنگێنێ بنەماکانی ئەخلاق چ دەبن، بەناوی عەدالەتەوە نکوڵی لەخودا دەکرێ، ماکس شتێرنەر بەر لە نیتشە ویستی

خودا، تەنانەت بیرۆکەی خوداش لەلای مرۆڤ بسڕێتەوە، بەڵام نیهلیزمەکەی ئەو بەپێچەوانەی نیهلیزمەکەی نیتشەوە، قبووڵ بوو، شێرنەر لەتەنگانەشدا پێدەکەنێت، بەڵام نیتشە سەر بەدیواردا دەکێشێت". (٩)

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە مردن جۆری زۆرە، یەکێک لەوانە ئەو جۆرە مردنەیە کە لەهەموو شێوەکانی تر جیاوازە، بۆ نموونە ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆی دەکوژێ، یان ڕەنگبێت وەک ئەوانەی کە بەجەستەیانەوە دیارە کوژراون و کوژراویش دیار نییە، یان کوشتنی بەکۆمەڵ و... تاد، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئینسان دەمرێ و لەدوای مردنەکە دەبێتە چیرۆک لەزمانی گێڕەرەوە، واتە (الراوي) حیکایەتخوان.

هەوڵی ئینسان بۆ نەمری و هێشتنەوەی ژیان بەشێوەی بەردەوامی، لە کولتووری گەلاندا بەشێوەی جیاواز ئەو مانایەی هەیە، لەوانەش لەنێو کورددا ئاوی حەیات هەیە، لە گلگامش، بۆشاییەکە لەنێوان ژیان وەک بێ مانایی و مردنیش وەک حەزێک بۆ نەمری ئەوانیترە، ئیدی خۆشەویستان بێت، یان تەنانەت دوژمنیش بەو شێوەیە تەماشا دەکرێت، هەندێک جار بەپاساوی پارێزگاریکردن لەژیان، مردن بەسەر کەسێکی دیکەوە دەسەپێنرێت.

دیکارت ئەو فەیلەسووفەی کە لەنێو فەلسەفەدا بەسوکراتی دووەم ناسراوە و کۆجیتۆکەی کە (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) هەمیشە کاری پێدەکرێت، ئەو خاوەنی یەقینێک بوو لەو ژیانە واقیعییە کە هەموو دیاردەکان لەخۆی دەگرێت و ناکرێ ئینسان گەمژانە هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکات، فووکۆ پێی وایە دیکارت پەی بەو یەقینە دەبات و بەتوندی دەستی پێوەگرتووە، چیتر شێتی بەلاوە گرنگ نییە، چونکە بەلای ئەوەوە عەقڵ لە ڕێگەی بوونەوە خۆی پراکتیزە دەکات و خۆی بەخاوەنی ئەو شتە دەکات کە بەرهەمی دێنێتەوە، بۆیە ناتوانێ بیربکاتەوە و نەبێت، لەحاڵێکدا هەر ئەو عەقڵ و عەقڵگەراییەی کە ڕۆژئاوا بۆ ماوەی چەندان سەدە کاری پێکرد و پراکتیزەی کرد و خۆی بەرهەم هێنایەوە، نەگبەتییەکی خولقاند کە هەر خودی ڕۆژئاواییەکان لەداخی ئەو نەهامەتییانەی کە لە ڕێگەی عەقڵەوە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێناو بوو بەمایەی زۆر جۆرە شێوازی مردنی ئینسان بەبێ ویستی خۆیان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە گریمانەی ئەوەی لێ دەکرا ئەو عەقڵگەراییە ژیان دۆستی و خۆشگوزەرانی بەرهەم بهێنێ و کۆتایی بە ململانێ دروستکراوەکان بهێنێ، ئێستا هەر ئەو بیرمەندانە ڕەخنە لەو عەقڵگەراییە دەگرن کە بووەتە مۆتەکە و مردنی کردووەتە دیاری لەهەر لەحزەیەکی ژیاندا، بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەک عەقڵ خۆی پراکتیک کرد کە ئیتر مەترسییە و لەبیرکردنەوەی خودیش قووڵتر خۆی نمایش کردووە و چارەسەریشی تەنیا ئەوەیە کە عەقڵ پاشەکشە بەو خۆ بەرهەمهێنانەوەیە بکات کە ئێستا هەیە. ئەوەی کە لەداهێناندا هەمیشە چاوی لە نەمرییە، ئەو هەوڵەیە کە مردنی جەستە دەکاتە قوربانی مردنی ڕوح و نەفسییەت، بۆ ئەمەش جگە لەداهێنان ڕێگەیەکی دیکە شک نابرێت، سا با ئەو داهێنانە تێکستێک بێت، یان ئامێرێک، یان تەکتیکێکی سیاسی، یان دابڕانی فەلسەفە و... تاد.

لەنێو ئەدەبی کوردیدا شاعیرێک، یان ڕۆماننووسێک شک نابەین باسی مەرگی نەکردبێت، یان لەداخی ئەو زیندانەی کە پێی دەڵێن ژیان، خۆزگەی بۆ مەرگ نەخواستبێت، (مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی) کەسێکی عارف بووە و لە تێگەیشتنی ئەبستراکت داماڵراوە و بیری لەهیچ تێگەیشتنێکی ماتریالی، نە بۆ ژیان و نە بۆ مردن نەکردووەتەوە و ڕەوڕەوەی ژیانی وەک کاروانێکی لەبن نەهاتوو تەماشا کردووە، بەڵام چرکەساتی مردن لە بووندا دەبینێ، چونکە ئەو لە دنیایەکی تر قەناعەتی تەواوی بە نوێبوونەوە و ژیانەوە هەیە، لەشوێنێکدا دەڵێ:

**"هردمی مرگی و حشری دادی ام**
**تا بدیدم دست برد ان کرم**
**همچو خفتن گشت این مردن را**
**ز اعتماد بعث کردن ای خدا"**

ئەمەی مەولانا باسی دەکات نائاگایی و بۆ بوون وای لەئینسان کردووە کە هەرگیز گوێی لەدەنگی مردن نەبێت، ئەو بەدەنگی گەردوونی ناوی دەبات، بۆیە بەهەستی ڕواڵەتی ژیان ناوی دەبات کە ئینسان ناتوانێ هەستە نا ئاشکراکەی جەستە کار پێبکات، ئەویش هەستی گەردوونییە کە جیاوازە لەو گوێیەی وەک ئەندامێک بەسەری ئینسانەوە هەیە، ئەمە داهێنانە کە مردن لەفۆڕمە ئاساییەکەی بگوازێتەوە بۆ مردنێک کە ئینسان دەبێ لە ڕێگەی گوتارەوە هەستی پێبکات، ئەم ئیدراکە

هەستەکییە بەپێی تێگەیشتنی ژاک لاکان بێت، ئەمە جۆرێک لە ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆڕسکە و لەئینساندا هەیە، کەسانی وەک مەولانای ڕۆمی و فەیلەسووفەکان کە جیاوازییان لەگەڵ ئینسانەکانی دیکەدا هەیە، ئەوەیە کە ئەوان خاوەنی ئەو ئیدراکە هەستەکییە بوون کە هەم بۆ مان و هەم بۆ مردن تێڕامانیان هەبووە و ئەوانی دیکە، واتە ئینسانی ئاسایی ئەو بیرۆکەیەی نەبووە.

لەدەرەوەی دەقنووس شتێکمان بەناوی دەقی سەربەخۆ هەیە، بەو مانایەی دەق وەک جەستەیەکی سەربەخۆ تەماشا بکەین و مامەڵەی لەتەکدا بکەین، چونکە دەق هەم شێوەیەکە لە نووسینەوەی ژیان، هەم مانا بەخشینە بەمردن، ئێمە باس لەچوونەوە بۆ ژیانێکی دیکە ناکەین، چونکە ئەو شیکاری و شرۆڤەی ژیانە کە زیندووەکان مانایان پێداوە و بەراوردی دوو ژیانی پێدەکەن کە بەراوردی ئاکام و ئەنجامی خێر و شەڕە، ئەم ئاکامە لەفەزایەکدا هەستی پێ دەکرێت کە خوێندنەوەی دەق ببێتە ئەرکێک بۆ خوێنەری دووەم و دواتر لەئاکامی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەدا بۆشایی و کەلێنەکانی دەستنیشان بکرێت " بوونی مەرگ لەدەقدا، واتە بوونی ناکۆکی، بوونی بێدەنگییەکی کوشندە، بوونی نائارامی، ڕاستە دەق بۆشایی زۆری تێدایە و ناوچەکانی بێدەنگی زۆرە، ئەمە لەهەموو دەقێکی داهێنەرانەدا هەیە کە ئەرکی داهێنەر نییە بەدوایدا بگەڕێ، بەڵکو ئەرکی ڕەخنەگرە کە پێویستە ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و بیانهێنێتە قسە". (١٠) هەڵبەت بێدەنگی دەق دوو جۆرن، یەکێکیان لەبێدەنگی و سەدای دەقەکەیە، یەکێکیان لەبێدەنگی زمانی دەقە کە ناتوانێ وەک بانگدەر بیگەیەنێ بە خوێنەر، دیسان لێرە ئەرکی خوێنەری یەکەمە ئاسانکاری بۆ خوێنەری دووەم بکات و داهێنان لەدەقدا بدۆزێتەوە، بەڵام هێشتا لێرەدا مەرگ نەدۆزراوەتەوە کە دەق چۆن مامەڵە لەتەک مەرگدا دەکات، ئایا ئەو مامەڵەیە لەگەڵ خودی دەقە، یان لەگەڵ دەقنووس، ئەگەر ئەو هاوکێشەیەمان بۆ یەکلایی کرایەوە، دەتوانین بڵێین دەقی داهێنەرانە چییە و چۆن دەقنووسەکە لەمەرگ ڕزگار دەکات، ئەمە ئەو گەڕانەیە کە بێدەنگی و بۆشایی بە ڕەخنەگر پڕ دەکرێتەوە، هەروەک چۆن نەخۆشی نزیک لە مردن، بە زانست و دکتۆر پڕ دەکرێتەوە و ژیانێکی نوێ بەرهەم دێت.

**پەراوێز:**

**ماکس شتێرنەر (١٨٠٦-١٨٥٨) فەیلەسووفی ئەڵمانی بوو گرینگترین کتێبەکانی (تاقانە و تایبەتمەندێتی) ئەو پیاوێک بوو ناکۆک لەگەڵ گرووپی کۆمەڵەی ئازادیخوازان کە هیگڵییە لاوەکان بەمارکسیشەوە لەگەڵی بوون، ئەو دەیویست نەک هەر لەگەڵ خودا، بەڵکو لەگەڵ مۆڤەکەی فیورباخ و عەقڵی هیگڵی و بەرجەستەبوونی مێژوویی ئەو عەقڵەش لەدەوڵەتدا حیساب و پاکتاو بکات. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو ئەم بتانە لەیەک شتەوە سەرچاوەیان گرتووە کە مۆنگۆلیزمە بەواتای دواکەوتنی عەقڵ دێت.**

**سەرچاوە:**

**١: ملحمة كلكامش. طه باقر، دار المدى، سنة ٢٠٠٥.**

**٢- میشێل فوکو. مێژووی شێتی لەچەرخی کلاسیکدا، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، بڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،ساڵی ٢٠١٤، ل٦٢.**

**٣- د. ئەمەل مەبڕوک، فەلسەفەی مردن لەفیرعەونەکانەوە تا لاکان، وەرگێڕانی بۆ کوردی ئارام ئەمین شوانی، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون، ساڵی ٢٠١٥، ل١١٧.**

**٤- دکتور رؤوف عبید، تناسخ الارواح، حقیقة لاخیال، استاذ قانون جنائي في جامعة المغرب، ص٧٤.**

**٥- الموت في الفكر الغربي، جاك شورون، ترجمة كامل يوسف حسن، مراجعة و تقديم امام عبدلفتاح امام، دار النشر، عالم المعرفة، سنة ١٩٨٤، ل١٧٣.**

**٦- بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی. پرۆژەی کۆکردنەوەی کتێب لە دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٥، ل٢١٤.**

**٧- دەرکەوتەی دڵخوازی مەرگ، لێکۆڵینەوە، سەعید سلێمانی. بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، ل١٧.**

**٨- ڕۆمانی وەرگێڕی عیشق، جان دۆست، وەرگێڕانی بۆ کوردی سەباح ئیسماعیل، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٥.**

**٩- ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و پەخش، ساڵی ٢٠١٢، ل١٠٦.**

**١٠- داهێنان و مەرگ، سەلاح حەسەن پاڵەوان، زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠٠٢، ل٧٥.**